The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
chak_org@yahoo.comk.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

---

## راگەیاندنێک لە (چاک)ەوە, سەبارەت دوا پێشهاتەکانی دۆسیەی دکتۆر کەمال

**بە پێی هەواڵێك کەوا ناوەندەکەمان ناوەندی هەڵەبجە (چاك), لە سەرچاوەیەکی نا فەرمییەوە زانیویەتی, حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی پێکهێنانی لیژنەیەکە لە نوێنەرانی ( یەکیەتی نوسەرانی کورد, سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان, نوسەر حەمە سەعید حەسەن و .. تاد..) بۆ تاوتوێکردنی کێشەی دکتۆر کەمال سەید قادر. دیارە ئەگەری ئازادکردنی دکتۆر کەمال تەوەری باسی ئەو لیژنەیە دەبێت, لە لایەکی دیکەشەوە, سەرەڕای ئەگەری لێخۆشبونی بەڵام چاوەڕوانی ئەوەش دەکرێت برگە یاساییەکانی ( مافی گشتی ) بە سەرا بسەپێنن و حوکمی ماوەیەك زیندانی بدەن, ناوەندی هەڵەبجە لە کوردستان دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی رای گشتیی کوردستان و داوا دەکات کەوا رێز لە داواکاری نێوەند, دامەزراو, رێکخراوو کەسایەتی کوردستانی و نێونەتەوەیی بگیرێت, چونکە ئەو شێوازەی کە دادگاییکردنەکەی پێ بەڕێوەچوەو حوکمی 30 ساڵ زیندانی بەسەر دکتۆر کەمال سەپاندووە , دوور لە نەریتی ئسولی یاسا بەڕێوەچووە و پێشێلی ئاشکرای مافەکانی مرۆڤی تێدا رەچاوکراوە.**

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد (چاک).
کوردستان
**2006/01/09**
**www.chak.info**
**chak_org@yahoo.com**